# گەشتێک بەئیمانەوە

حەمزە ئەحمەد شوانی
hamza_shwane

وەرە هاوڕێکەم.. با ئیتر لەنێو ڕێژنە بارانێکا
خەمی سەر پەڕەی ڕۆژگارمان بسڕینەوە..
چیدی بێ هودە بە پانتایی زەمیندا نەکەوین
ئەم ڕێگەیە بگۆڕە بە قەڵافەی ئاسمانا بکەوە ڕێ
تاکو سیخناخ ئەبین
لەبەرامەی تاڤگە و ئەوین ..
وەرە هاوڕێکەم
نزا بکە نزا..
تاکو دڵەکانمان ببێتە مۆڵگەی حەقیقەت
کاتێ فرمێسکەکانمان قەتارە ئەبەستێ
بەسەر دیواری میحرابێکی شارا ڕژایە زەوی!
لەوێ بە نوری بەختەوەری ڕوومان ئەنەخشێنێ
ژیان لەسەروی هەموویانەوە شیرینتر ئەکەین
لەنێو ئەم تاریکستانەدا
ئازیز شەوگار زۆر درێژە..
هەنگاو هەڵگرە مەملەکەتی ئەغیارە .. ئێمە..
نە قاتیلی دوێنێ و.. نە فرستادەی ئەمڕۆین
لەم زەمینی سیحریەدا چلۆن مەشخەڵی دێتە دی
وەسیەت بێ هاوڕێم وەسیەت..
چاودێری من و تۆ لەسەروی هەموانەوەیە..
گەر کوێرانە هەنگاو بنێی..
زەمین لەژێر پێتا ڕائەکا
مەحاڵە دەربازبوونت لەم ئەنگوستە چاوییەدا
بە فرمانی کێ خۆت ئەدەی بەدەریادا..
ئاخر مەلەی ئەم دەریایە بە تۆ ناکرێ..
کێ ئەڵێ ئەم تاریکستان حەشارت ئەدا هاوڕێکەم..
بەڵێن دە کە گەڕایتەوە
چیدی ڕێگای پەشیمانی نەگری..
وریابە ئازیزەکەم.. گاڵۆکی دەستت لێ ون نەبێ
ئەو ڕێگایە چەمینی لەپێشە
دوای هەڵەکان نیشانەی پەشیمانبوونەوەیە ئازیز گیان..
چاودێری من و تۆ لەسەروی هەموانەوەیە
وریابە وریا..
فریو نەخۆی دونیا ڕۆژێك خێوەتگەیە و ڕۆژێك میراوی..
ڕۆژێگ بەندە و ڕۆژێك خۆت پادشای
وەسیەت بێ وەسیەت ..
چاودێری من و تۆ لەسەروی هەموانەوەیە ..

# شەش کلووە بەفری سپی و دوو مێزەری بێگەرد



فەرید حەمەعزیز

مرۆڤیکی سەرو ڕیش سپی نورانی ..
هێندەی دەریا مەنگ..
نیگاکانی وەك ئاگر گەرم و
هێندەی خۆر ڕۆشن..
لە چاوەکانیدا ئەمەلێکی عەمیق و هیوایەکی تەژێ لە عیشق دەخوێنرایەوە ..

* * *

هەموو بەبیرمان دێ
ئەو زارۆیەش کە ئەمڕۆ بانگ و قامەتمان چرپاند بەگوێیدا ..
پێکەوە بڕیارمان دا
گوێ لە وتەکانی ئەو سەرو ڕیش سپییە نورانییە بگرین..
ئەو وتانەی
لێوانلێو بوون لە هەستانەوە و جوڵە و حەرەکەت..
ئەو ئیحساسانەی کەیلن لە ئەمواجی نورینی بەرەکەت..
ئەو چرپانەی نیگایەکی قووڵ قووڵن
بۆ دوێنێ و..
قدومێکی خێرن بۆ سبەینێ و داهاتوو..
ئەو هەناسانەی
بۆنی جەمع و جەماعەیەکی عەریق و کاڵای هەزاران خوشك و برای دڵسۆزن ..
ئەو هەناسانەی
گەلێ کەیف خۆش بوون
بەو هەموو دەستە پاکانەی
هێشتا..
هێشتا چکەی دەستنوێژیان لێ دەچۆڕێ و
کەڤاڵی بەردەنوێژ لە سیمایاندا دیارە.. دیار..

* * *

بەبیرمان دێ ئەو پێی وتین:
بەڵێ، ئێمە لە هەناوی (ڕێبەندان)ـەوە
شەش کلووە بەفری سپیمان
لەناو دوو مێزەری بێگەردا پێچایەوە و
دامانە دەستتان ..
بەڵام گەلۆ ..!
دەخیل ..
ئێوە بەرماڵەکانی شەوانی دەیجور و
کەڤاڵە زەریفەکانی ئەوەڵی (خاکەلێوە) و
پریاسکە سازگارەکانی وەرزی (پوشپەڕ)تان لەیاد نەکەن..

* * *

هاوڕێ گیان ..
ئێمە لەمێژە بە ناوە پیرۆزەکانی مەعبودی گەورە سوێندمان خواردووە
لە تیرۆژی (الرحمن)ـەوە سۆز و میهر و
لە وێستگەی (السلام)ـەوە ببینە یەکەمین شۆفێری مۆڵەت پێدراوی
شەمەندەفەری ئاشتی
هەر ئێمەش بووین ..
لە ناوی پیرۆزی (العفو)ەوە فێربووین ..
(باشترین تۆڵە لێبووردنە)
هاوڕێیان هەنووکەش تێفکرن و ببینن
ئەوە هەر ئێمەین دەنگە ئامانجدارەکانی ئێوەمان لەبیرە و
وەك چۆن دوێنێ لە میحرابی مزگەوتێکەوە نزامان بۆ کردن..
ئەمڕۆ لە هۆڵی پەرلەمانەوە
دەنگەکانتان دەگەیەنین و
حەسرەتەکانتان بەهەند دەگرین و
گۆرانی خلود بۆ ئیحساسە نازکەکانتان دەچڕین و
هەوڵ دەدەین ئەشکە بەریئەکانتان بسڕین..

* * *

براکەم ..
ئەوە تۆی چاوت بڕیوەتە مەقامی سولەیمان و
دەتەوێ زیان بە مێرولەیەکیش نەگەیەنی..
ئەوە تۆی هیممەتەکانت
ئاوێزانی دارعەصاکەی موسایە و ..
دەشتەوێ لەو عیشقە قووڵەی ئیلاهیدا
(نیلە)کانت بۆ شەق بن ..
ئەوە تۆی ئەزیزم..
ئەوە تۆی
نیگاکانت تێکەڵ بە نیگاکانی یوسفی جوان کردووە و
مەبەستیشتە دەرسی عیشقی حەقیقی
بۆ مەعشوقی ئەبەدی
بە (زولەیخاکان) بڵێیتەوە ..
ئەوە تۆی هێدی هێدی لەگەڵ هەنگاوەکانی ئیسماعیلدا ڕێگا دەبڕی و
ئامادەی قوربانیکردنی گیانی خۆتی..
ئەوە تۆی ئەزیزم ..
چاوت بڕیوەتە کەشتیە فریادڕەسەکەی نوح و
ناشتەوێ نەوەکانت جێبهێڵی..
چون لەمێژە
وانەی گەورە مامۆستاکەت وەرگرتووە
کە پێی وتین:
"امتی .. امتی .."

* * *

ئەوە تۆی کەسەکەم..
ئەوە تۆی عاتیفەیەکی وا
لە دڵتدا کارێزی بەستووە
بەرائەتێکی وا لە ئاکارتدا کینگڵ ئەخوات
نەزاهەتێکی وات کردۆتە میراتی بۆ نەوەکانت ..
وا ئەو هەموو سەرپۆشە نەزیهانە
وا ئەو هەموو مرۆڤە عەتف پاکانە ..
وا ئەو هەموو چاوە نەزیهانە..
وا ئەو هەموو دەستە خەم خۆرانە..
لە سارا و سایە و سێبەری هەرزەلی تۆدا
لە وەرزی سوتاندا دەحەسێنەوە ..

ئەزیزگیان !
دوێنێ لە کامە دەستوری عیشق و
لە کامە حوجرە و مەدرەسە و
لە تەکیەی کامە شێخ و
لە ئامێزی کامە خانەقا و
لە مەقعەدی کام زانکۆدا
ئەو مرۆڤانەت گۆش کردووە ..
وا ئەمڕۆ
لە دیوانی وەزارەت و
لە هەناوی هۆڵی پەرلەماندا
بوونەتە فانۆس و
تاریکی هەموو دنیا نایانشارێتەوە و
فوی دەمی هەموو نەیارانیش
نەك نایانکوژێنێتەوە..
بۆ ساتێکیش کز و خامۆش نابن ..

* * *

ئەزیزم !
ئەوە خۆتی هەنوکە
ئاسمانێك لە ئەستێرەی ڕووسور و
بەهارێك لە نێرگز و
بەرسیلەی تەمەن درێژ و
تەمەنێك لە ئەوینی پاك و
ئەوینێك بۆ نیشتمانەکەی خۆت و
نیشتمانێك مرۆڤی خزمەتگوزارت لەگەڵدایە ..
ئەوە تۆی براکەم ..
ئەوە تۆی ئاپۆرایەك
لە مەردومی خاوەن مەدەنیەت و
ئینسانگەلێك مەخلوقی ریسالی و
حەشاماتێك
لە خوشك و برای خاوەن ویژدانت ..
کردۆتە دیاری کوردستانەکەی
(موفتی زادە و مەولەوی و مەحوی و سوبحانی..)
ئەوە تۆی کەسەکەم ئەوە تۆی..
جوگرافیایەك لە جوانی و
مێژوویەك لە سەربەخۆیی و لەسەرخۆ وەستان و ..
دیرۆکێك لە بلندیت لە ئەرشیفی ئەم مەملەکەتە ئاتاجەدا
یاداشت کردووە ..
ئەوە تۆی کە بە هەنگاوێکی دیکە و
بە هەوڵێکی جیای وەك ساڵانی زوو
دێیتەوە مەیدان و
گەوهەرێکی دیکە لە خەمخۆرانی گەل و نیشتمان پێشکەش دەکەیت و
دەتەوێ دەنگێکی دلێر و دەستێکی ئەمین و چاوێکی کراوە و
ویژدانێکی زیندوو بن ..
ئەوە تۆی کەسەکەم ..
ئەوە تۆی ...

# زەویی داینەسۆرەکان

کارەکتەرەکان:
داینەسوری گۆشتخۆر
داینەسورێ گیاخۆر

داینەسوری گۆشتخۆر:(تەماشای داینەسوری گیاخۆر دەکات)
تا ئێستا لە ژیاندا هەر ئەوەت خواردووە؟
داینەسوری گیاخۆر: بۆ، جا چی تێدایە؟ وا دروستبوومە حەزم لە گژووگیا بێت.
داینەسوری گۆشتخۆر: وا بیت هەرگیز گەشە ناکەیت لەوەی ببیت بە داینەسورێکی گەورە و بەهێزی وەك من.
داینەسوری گیاخۆر: باشترە لەوەی بچم بەدوای گیانداری بەستەزمان بگەڕێم و لوشیان بکەم..
داینەسوری گۆشتخۆر: ئەگەر ئەوەندە ترسنۆك نەبای، تۆش وات دەکرد.
داینەسوری گیاخۆر: من ترسنۆکم؟! با ئەو درەختەت تێ نەگرم.
داینەسوری گۆشتخۆر: ئێوەی داینەسووری گیاخۆر هەموو دارستان و دەشت و دەر تێکوپێك دەدەن.
داینەسوری گیاخۆر: خۆ گژوگیا شین دەبنەوە، بەڵام گیاندارن شین نابنەوە.
داینەسوری گۆشتخۆر: باشە، بەڵام من هەر دەبێ شتێك بخۆم، وانییە؟
داینەسوری گیاخۆر: با، منیش هەروا. کەواتە چیتر سەر مەخەرە سەرسەرم، با ئەوەشت پێ بڵێم من لەو مانگەدا خۆم لاواز دەکەمەوە.
داینەسوری گۆشتخۆر: بیگومان پێویستە لەسەرت (تەماشای شەش پێ لەو بەرزتر دەکات) ئەی نایبینی چەند زەبەلاح بوویت؟!
داینەسوری گیاخۆر: تەماشا، تەماشا، کێ قسە دەکات.. ڕەنگە من درێژتر بم، بەڵام تۆ ناوقەدت خڕ بووە.
داینەسوری گۆشتخۆر: سوپاسی خوا بکە لەسەر ئەوەی من گیاندارێکی گۆشتخۆری ئەو گیاندارانە نەبووم کە گیاخۆرن!
داینەسوری گیاخۆر: ئاها، بەڵێ، بەڵێ؟ تۆش سوپاسی خوا بکە کە گژوگیا نەبوویت.
داینەسوری گۆشتخۆر: ئاهههها، بەڵێ (ئاهێکی گەورە هەڵدەکێشێت و دەڕوات).
داینەسوری گیاخۆر: بەڵێ (ئەویش ئاهێك هەڵدەکێشێت و دەڕوات).
داینەسوری گۆشتخۆر: لەم چەند ڕۆژەدا (پەنجەیەکی ڕادەوەشێنێ).
داینەسوری گیاخۆر: لەم چەند ڕۆژەدا لەو ناوەدا نەمێنی چیتر!
داینەسوری گۆشتخۆر: باشە، گەر من بڕۆم، تۆش دەڕۆی!

